# پەیدابوونی ئەنجومەنەکانی صەحوە، شکستێکی تری سیاسی دەسەڵاتدارانی عێراقە

## ئازادبەکر



ئەم هەڵبەز و دابەزەی ئەمڕۆی حیزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، نیشانەی نەگونجان و پێکەوە هەڵنەکردنی ئەم حیزبانەیە، بەڵگەی ئاشکرای شکستی سیاسیانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی عێراقدا، زیندوو کردنەوەی عەشرەتگەرایی بە ناوی ئەنجوومەنەکانی صەحوە(ڕابوون) و کارکردنی ساڵێک لەسەر دروستکردن و مەشق و چەکداری کردنیان، ئاکامی دابڕان و پشتکردنە خواست و ویستی جەماوەری زۆرلێکراوی ئەم وولاتەیە.
عێراقی ئەمڕۆ بۆتە شوێنی ململانێی گروپ و ئەحزابی دواکەوتوو و کۆنەپەرست و وابەستە بەدەوڵەتانی ناوچەکەو ئەمەریکاوە. ئەوەی نرخ و بەهای نەبێ لای ئەو حیزبانە گوزەران و داخوازی خەڵکە. لەهەر جێیەکدا ئەو حیزبانە باڵادەستن هێز و میلیشیا و بارەگا و دامودەزگای سەربەخۆیانیان هەیە. هەروەک لاشەی نێچیری دەمی ڕەوە شێر هەریەک پارچەیەکی بۆ خۆی ڕادەکێشێ ئەمانەش ئاوا پەلاماری مرۆڤ وماڵ و زەوی وزار و سامانی ئەم وولاتەیانداوە، ئیتر دەستور و یاساو ڕێسای جەنگڵستان بەڕێوە دەچێ. لەسایەی ئەم بارودۆخەدا بەشی خەڵکی هەژار ماڵوێرانی و بێمافی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەوە.
لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشستەوە ئیتر جڵەوی حکومەت لەدەست دەرچووە لەهەر گەڕەک و شارو شارۆچکەیەک دەسەڵاتێکی دواکەوتووانەی میلشیایی هەیە، هەرچی کرداری خراپ و نامرۆڤانەیە ئەنجامی دەدەن بێئەوەی کەسێ هەبێ بتوانێ لێپرسینەوە بکات.
ئەوانەی لەبازنەی سەوزیشدا کۆبوونەتەوە بۆ چاوبەستنی خەڵکی عێراق و ناویان ناوە حکومەت، لەڕاستیدا ئەوەی سیفات و پێکهاتەی حکومەتە لەو مەجلسەدا نی یە جگە لەگاڵتەپێکردن و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی. ئەوانەش کەناوی کاربەدەستانی حکومەتیان لێنراوە ئەوە دەڵێن و دەکەن کەحیزبەکانیان بۆیان دادەنێن، ئیتر کەس نامەی کەس ناخوێنێتەوە گێژاوێکە مەگەر هەر خۆیان لەیەکتری تێبگەن، بەڵام هەموویان لەسەر دزین و تاڵانی کۆکن. بەڕاستی ئەمە (دیموکراتیەت و گۆڕانکاری) یە، ئەمەریکا بەدیاری هێنای بۆ خەڵکی عێراق.
ئەمەریکا عێراقی کردووە بە گاڵتەخانەی سیاسی و هەر ڕۆژە گەمەیەکی سیاسی تێدا دەکات دەیەوێ شکستەکانی خۆی و (حکومەتە فیدراڵە ناسیونال- ئیسلامی ساواکەی) بەم گاڵتەجاڕیەی بە چارەنووسی خەڵکی ئەم وولاتەوە دەیکات بشارێتەوە. پاش ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەدا ئەمەریکا شکستی سیاسی و ئابووری خواردووە، هەروەها متمانەی جەماوەری لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەمەریکاشدا لەدەستداوە.
بەهەمان شێوە ئەمە لەکاروباری خۆی و (حکومەتە فیدراڵە ناسیونال- ئیسلامی ساواکەی)دا ڕەنگی داوەتەوە، دوای لە دەستدانی جڵەوی سیاسی دەبینن ئەم حیزبانە، سوونەو شیعە و کورد ڕۆژانە هاوپەیمانێتی نوێ دەبەستن، کە لەڕاستیدا هاوپەیمانی نی یە، ، ئەمانەش هەمووی گەمەی ئەمەریکایە دەیکات و هیچ ئەنجامێکی بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بەرەو باشتر تیا بەدیناکرێ، هۆکەشی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمانە هیچیان نوێنەری خەڵکی عێراق نین.
بیرۆکەی پرۆژەی نوێ ی ئەمەریکایی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی صەحوەیە لە عەشایەری کۆنەپەرستی سوونە و بەعسی پاش لابردنی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس. ئەم هەنگاوە دواکەوتوانەیەش، هیچ ئاوێک بەو ئاگرەدا ناکات کە بەربۆتە گیانی خەڵکی بێتاوانی ئەم وولاتە. هەرچەندە دروستکردنی ئەم ئەنجومەنانەی صەحوە زیاتر بۆ لاوازکردنی ڕەوتی تیرۆریستی ئیسلامی یە ( بەتایبەتیش قاعیدە) لە ناو خەڵکی سوونە مەزهەبدا و هێنانەوەی کۆنە بەعسیەکانە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی. ئەوپەڕی شکست و نشوستی دەسەڵاتدارانی بەغدایە کە ناتوانن بەم ئەقڵ و بەرنامە و دەستوورەی ئێستاوە کاروباری ئەم وولاتە بەڕێوەبەرن، ئیتر بێ لەوەی هەموو کێشەکانی تری ناوخۆیی عێراق بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە، ئەمانەش بەرئەنجامی سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی و ڕێزدانەنانە بۆ ڕا و ڕۆڵی خەڵکی بێمافکراوی ئەم وولاتە و سەپاندنی سیاسەتی کۆنەپەرستانەیانە بەزەبری هێز و سەرکوت و ملهوڕی،

نەبوونی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و سڕینەوەی تەواوی سیمای شارستانێتی لەم کۆمەڵگەیە و ئەنجامدانی دڕندەترین تاوان و قێزەوونترین کردەوە دژ بە سەرجەمی مرۆڤایەتی.
ئەوە کێشەی کەرکووکە هەر ڕۆژە ماددەیەکی بێ کێش و بێ گیانی بەبەردا دەکەن کە هەتا هەتایە نە چارەسەری کێشەی کەرکووک دەکات و نە ئەتوانێ بەهەزارەها ماددەی وا ژیانی دانیشتوانەکەی لەشەڕ و ئاوارەیی و ماڵوێرانی بپارێزێ، ئێستا کارەکە لەدەستی ئەم حیزبانە دەرچووە و هەموو ماددەکانی بۆچارەسەری کێشەی کەرکووکیش دانران بوونە بڵقی سەرئاو، بەفیتی ئەمەریکا نەتەوەیەکگرتووەکان خەریکی چارەسەر دۆزینەوەیە بۆ ئەم کێشەیە، بەڵام ئەوەی گرنگ نی یە بەلایانەوە و باسی ناکەن مەسەلەی میللی خەڵکی کوردستان و پاشەڕۆژی دانیشتوانەکەیەتی.
ئەو کەسەی بە وێژدانەوە تۆزقاڵێک تێگەیشتن و ووردبینی سیاسی هەبێت چاک دەزانێ نەئەوەی بەغدا و نە ئەمەی کوردستانیش حکومەت نین، بەڵکو زیاتر دەسەڵاتی میلشیایی حیزبین بۆ دابەشکردنی تاڵانی دەسکەوتوو لە نێوان خۆیاندا، لە دەستبەسەراگرتنی ماڵو سامانی ئەو ناوچانەی داگیریان کردووە.
وولاتێک سنووری نەبێت و ڕۆژێک ئێران و ڕۆژێک تورکیا و ڕۆژێک ئەمەریکا هەریەک بەهەوەس و ئارەزووی خۆیان بۆ دانانی پێگەی خۆیان لەم دۆخە ناهەموارەدا بۆ دزین و تاڵانکردنی سامانی ئەم وولاتە و پاش ژێرپێنانی هەرچی یاساو نەریتی نێودەوڵەتی یە، تازەبەتازە دەیانەوێ بە صەحوە و هاوشێوەکانیان ئەم بارودۆخە هێور و ئارام بکەنەوە و ئەم ئەنجوومەنانە بکەنە سونبولی ئاشتی و ئارامی و برایەتی.
ئەمەریکای زلهێزی دنیای ئەمڕۆ و هاوپەیمانەکانی خەریکی لێسەندنەوەی مافە ئینسانیەکانی سەرجەم مرۆڤەکانی سەر ئەم گۆی زەویەن، ناوی ئەم زلهێزە بەخوێناویترین هێز لەدنیای ئەمڕۆدا دادەنرێت بە تایبەتی لەسەردەمی هەر دوو سەرۆکایەتی بۆشی باوک و کوڕدا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیش عێراق. نموونەی سیاسەتی شەڕ و پاوانخوازی و داگیرکاری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و پشتگیری ئاشکراو بێشەرمانەی لەدەوڵەتی تورکیەی فاشست و پشتیوانی هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان نیشانەی زەقی ئەوپەڕی تاوانکاری و داگیرکاری ئەو هێزە ئیمپریالیستی یە ئاشکراتر دەخاتە ڕوو.
لەڕاستیدا نە ئەنجوومەنەکانی صەحوە و نە میلیشیاکانی بەدر و صەدر و فەزیلەی ئیسلامی و جرۆجانەوەرەکانی تری ناو عێراق جێگای متمانە و پێکەوە ژیان نین و ناتوانن ئارامی و ئاسایش بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکەن، بۆیە چاکترین ڕێگاش بۆ دەربازبوونی خەڵکی کوردستان لەم بەربەریەتەی کە لە عێراقداهەیە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

9 ژەنیوەری 2008